# له پەرلەمانی سوێد و  پارتی چەپی سوێدیەوە

## خاتوو ئوله هۆفمان بۆ دووهەمین جار لە مێژووی  پەرلەمانی سوێدا جلی کوردی لە بەرکردبوو

حەمە دۆستان


ئەمرۆ کە پەرلەمانی نویَ سوێد دەستی بەکار کرد، خاتوو ئوله هۆفمان بۆ دووهەمین جار لە مێژووی پەرلەمانی سوێدا جلی کوردی لە بەرکرد بوو. سەرۆکی پەرلەمان بە گەرمیەوە بەخێرهاتنی لە خاتوو ئوله کرد. مەلیکەی سوێد بە ئیعجابەوە وردبۆتەوە لە جلە کوردییەکانی و پێی ڕاگەیاندوە کە بەلایەوە جلەکان جوانە.

هەرچەندە مایەی دڵخۆشی و شانازیە کە کۆتایی  ڕۆژی پەرلەمانی ئەم سیاسیە ناودارەی سوێد  بە جلی کوردییەوە بێت، لە هەمان کاتدا جێگەی داخە، لەو بڕوایەدا نیم کەس بتوانی جێگەی ئوله بگرێتەوە.
خاتوو ئوله ووتارێکی کورتی ماڵئاوایی لە پەرلەمانی سوێد خوێندەوە:
"من بە شانازییەوە دەڕوانم بۆ خەبات و کۆمەککردنمان لە کورد. ئەمرۆژ لەبەرکردنی ئەم بەرگە ڕەنگینە دەربڕینی بەشێکی روون و گرنگە لەخەباتی خۆم و حیزبەکەم . پەرلەمانی سوێد پێویستی هەیە بە ئەندامانێک کە ئەسڵیان کورد بێت، هیوادارم لە داهاتوودا زۆر کەسانی تر ئەم بەرگەیان لە بەردا بێت. ئەمرۆکە لە پەرلەمان دا تەنها کوردێکی لیَ نیە، بە داخەوە ئامینە کاکە باوەکە کاندیدمان بوو دەنگی شەشەمی هێنا و نەهاتە ناو پەرلەمانەوە.
پارتی چەپ هەمیشە ئەو پارتە بووە کە بەرگری لە مافی کورد کردووە، بەشێک لە هەوڵەکانی لە ڕێگای ئەو داوایانەی کە پێێشکەشمان کردووە بۆ پەرلەمانی سوێدی و هەروەها بەشێکی تر لە ڕێگای پەیوەندیمانەوە بە کەسایەتی و ڕێخراوی کوردییەوە."
یەکێک لە هەرە کارەگرنگەکانی خاتوو ئوله دامەززاندنی ئۆرگانێک {کۆمەڵەی} کوردی لە پەرلەمانی سوێدا کە ئێستا 6 پارتی پەرلەمانی تیا بەشدار بووە، هەوڵی داوە سوێد  لە هەولێر و دیاربەکر قونسوولیەت بکاتەوە. هەروەها ڕۆڵی

**گرنگی بێنیوە بۆ هەڵەبجەو ئەنفال بۆ نموونە پەرلەمانی سویدی ڕۆژی 16 ئازار بکرێتە ڕۆژی جیهانی دژی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی ......**

**خاتوو ئولەی دڵسۆز بەکورد، وەکو پارتێکی سەربەخۆی کوردستانی کاری بۆ کورد کردووە. لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکەی ئەم دواییەدا ووتی "من دڵخۆشم بەوەی کە خۆم بە کورد دەزانم، من کوردی سوێدم و لە سوێد دەژیم." هیوادارین ئەو زەمینەی کە خاتوو ئولە درووستی کردووە لە پەرلەمانی سوێددا بۆ کورد، نوێنەرانی کورد سوودی لێ وەربگرن و ئەو کارە نێوە چڵانەی کە خاتوو ئولە لە دوای خۆی بەجێهێڵاوە بە ئەنجام بگەینرێن.**

**هەرچەندە خاتوو ئولە وازی لە پەرلەمان هێناوە و لەسەرکردایەتی پارتی چەپ کاردەکات، ئێمەی کورد هەر زیاتر چاوەروانی دۆستایەتی و کاری زۆرتری بۆ کورد لێ دەکەین. بە هێوام مێدیای کوردی و دەستەڵاتدارانی کورد خاتوو ئولە لە بیر نەکەن و بەرز بنرخێنن و وەفاداربن و بەلای کەمەوە خەڵاتی دۆستی کوردی پێشکەش بکەن!**




**خاتوو ئولە هۆفمان لە گەڵ هەدیە گوزال {کوردی باکورەو سکرتێری کابینەی ڕاگەیاندنی پارتی چەپە}**




**خاتو ئوله هۆفمان له پەرلەمانی سویدا**